# دنیای منداڵان

١٣٦

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

ڕەزبەری ١٣٩٢ ئۆکتۆبری ٢٠١٣





# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا

دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە

**پەیوەندی:**

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com



## وتەی ئەمجارەمان

ڕۆژی ٢٣ی ڕەزبەر، بەرامبەر لەگەڵ ١٥ی ئۆکتۆبری هەموو ساڵێک، ڕۆژی جیهانیی نابینایانەو لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ڕۆژی جیهانیی «گۆچانی سپی» ناو نراوە.

گۆچان سپییەکان ئەو بەشە لە کۆمەڵگای ئێمەن کە یان زگماک نابینان، یان بە ڕووداوێکی ناسروشتی بینایی چاوەکانیان لە دەست داوە. ئەوان لەگەڵ ئێمە دەژین، لە ماڵێ، لە خوێندنگە، لە بازاڕو لە شوێنی کار.

ئەوان ئەگەرچی نابینان، بەڵام زۆر جوان جوانییەکانی ژیان دەبینن، ناسکتر لە زۆر کەس سەیری خەمو خۆشییەکانی نیشتمان دەکەنو لە خۆشەویستن‌دا لە پێشەوەن.

منداڵانی نابینا تەنیا لە یەکێک لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ بێبەشن، بەڵام لە کار پێکردن بە هەستەکانی دیکەیان بەهێزنو ئەرکی بنەماڵە، خوێندنگەو کۆمەڵگاش بەهێزتر کردنی هەستەکانی دیکەی ئەوانە.

ئێمە پیرۆزبایی ڕۆژی ٢٣ ی ڕەزبەر، ڕۆژی « گۆچانی سپی» لە هەموو منداڵانی کورد دەکەینو ئاواتی ژیانێکی خۆشیان بۆ دەخوازین.




محەممەد موکری، نووسەرو ئەدیبو ڕۆماننوسی گەورەی کورد، ساڵی ١٩٤٣دا لە کەرکووک لە دایک بووە.

محەممەد موکری پێشمەرگەو شۆڕشگێڕێکی نەسرەوتوو بوو، ئەو لە شاخو ئەو کاتەی پێشمەرگە بوو، ڕۆمانێکی بەناونیشانی «سەگوەڕ» بڵاو کردۆتەوە، کە یەکەمین ڕۆمانی کوردی بووە بە زمانی ڕەخنە لەسەر شۆڕش نووسراوە.

محەممەد موکری لەسەرەتای کارکردنی لە بواری ئەدەب و ڕاگەیاندندا، وەک ڕۆژنامەنووس کاری کردوە، پاشان وەک چیرۆکنووس هاتۆتە مەیدانو چەندین چیرۆکی نووسیوەو زیاتر لە چوار ڕۆمانی بڵاو کردۆتەوە.

محەممەد موکری ماوەی ٤٠ ساڵ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەرقاڵی نووسین بووەو لە خەباتی سیاسیشدا بەردەوام بووە.

محەممەد موکری ساڵی ڕابردوو بەهۆی نەخۆشی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد، ئەویش لە کاتێکدا سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێک بوو، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەداو لە شەوی ٤ مانگی مەی ساڵی ٢٠١٢ لەشاری سلێمانی بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا.

لە بەرهەمەکانی محەممەد موکری دەتوانین ئاماژە بە « تۆڵە»، «هەرەس»، « ئەژدیها» و «سەگوەڕ» بکەین « عاشقە ناودارەکان» یش یەکێک لە وەرگێڕانە سەرکەوتووەکانی ئەو نووسەرو ئەدیبە گەورەی کوردە.

**ئامادەکردن: نیعمەت مەلا**

# پۆلەکەی ئاڵا




یەکەم ڕۆژی کرانەوەی قوتابخانەکان بوو، هەمووان دابەش کراین بەسەر پۆلەکاندا و هەر یەکەو لە شوێنێکدا دانیشتین.

ئاڵا، کچێکی جوان و ژیکەڵەیە.

لە دابەش کردنەکەدا ئاڵا وەبەر پۆلی «سێو»کەوت. هەتاویش کە هاوڕێی ئاڵایە، وەبەر پۆلی هەنار کەوت.

کاتێک مامۆستا چووە نێو پۆلی سێو، دیتی ئاڵا دەگری. مامۆستا لێ چووە پێشێو گوتی:

ئاڵا گیان ئەوە بۆ دەگری؟

ئاڵا گوتی: من پێم خۆشە بچمە پۆلی هەنار تا لای هاوڕێکەم بم، یان دەنا هەتاوی هاوڕێم بێتە ئەم پۆلە.

مامۆستا: ئاڵا گیان ئەمن پرسیارێکت لێ دەکەم. ئێوە بۆ دێنە قوتابخانەو لە بەرچی لێرەدەمێننەوە؟

ئاڵا: بۆ ئەوەی دەرس بخوێنین، بۆ ئەوەی قۆناغی سەرووتر ببڕین، بۆ ئەوەی شتی زۆر فێر ببین.

مامۆستا: بژی ئاڵا گیان، ئەوانە ڕاستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە قوتابخانە هاوڕێی نوێ پەیدا دەکەین، زیاتر یەکتر دەناسین، ئەوانەش هەموو گرینگن.

دوایە مامۆستا درێژەی پێ دا، بەڵام وەک خۆت گوتت ئامانج سەرکەوتنە لە قۆناغەکانی خوێندن، کەواتە تۆ لە پۆلی هەنار لەلای هەتاوی هاوڕێت بی یان نەبی، ئەوە دەتوانی بە ئامانجەکەت بگەی، لێرەش دەتوانی هاوڕێی باش پەیدا بکەی....

ئازاد عەباسیان

# کامەتان من دەناسن؟

بۆوەی من هەبم، سی شت پێویستە. ئۆکسیژێن، گەرماو ئەو شتانەی کە ئاور دەگرن. هەرکات ئەو سێیانە دەست بخەنە دەستی یەکتر و بکەونە لای یەک، ئەوا من دەردەکەوم. زانیتان من چیم؟ بەڵێ راست وایە.من ئاگرم. نەچن بۆوەی لیباسەکانتان زوو وشک بنەوە لەلای سۆبە هەڵیان بخەن، یان گۆرەوییەکانتان بەسەر عەشتار و سۆبە دادەن. چونکی ئەوکات سێ کوچکەی ئاگر دەست دەخەنە دەستی یەکتر و دەکەونە لای یەک و ئیدی تەواو.

کاتێک کە شوێنێک ئاگر دەگرێ تۆ دەبێ دەستبەجێ لەو شوێنە دوور کەویتەوەو گەورەکان ئاگادار کەیەوە. بۆ هەر کوێیەکیش چوون، بۆ وێنە فرۆشگای گەورە، قوتابخانە و شوێنی وا بەر لە هەموو شتێک دەرکەکانی چوونە دەرێ بناسن تا لە کاتی وادا بەوێدا دەرباز ببن و لە ئاگرەکە دوور کەونەوە.

ئەوەشتان لەبیر نەچێ کە ئاگر بۆ کایە و یاری کردن نابێ نا.... نەچن تخونی بکەون...

لە کۆشکی منداڵان وەرگیراوە



منداڵینە ئەو ڕێوی‌یە فێڵبازەم بۆ ڕەنگ بکەن و

بزانن بە دوای چی‌دا دەگەڕێ



# داری هەنجیر و سوودەکانی

هەنجیر میوەیەکی بەتامو خۆشە، سەرەڕای ئەمانەش سوودێکی زۆری هەیە کە لێرەدا ئاماژە بە هێندیکیان دەکەین:
هەنجیر میوەیەکی بەهێزو شیرینە، بە هۆی ئەوەی کە هەنجیری وشک سەدی ٥٠ ی شەکر پێک هاتووەو ئەمەش سەرچاوەیەکی باشە بۆ کۆکردنەوەی پۆتاسیۆم، کەلسیۆم، فوسفۆرو ویتامینەکانی A.B.C
ئێوە دەبێ بزانن هەنجیر کێشی لەش زیاد دەکاو خواردنێکی باشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ کێشی لەشیان زیاد بکەن.
هەنجیر میوەیەکی بەهێزەو هەر بە هۆی ئەوەشە وەرزشکارەکان بە ڕێژەیەکی زۆر هەنجیر دەخۆنو لە ڕابردووشدا دەگێڕنەوە کە خاوەن دەسەڵاتەکان میوەی هەنجیریان دەدا بە کۆیلەکانیان بۆ ئەوەی کاری زیاتریان لێ بکێشن.
بەرزیی داری هەنجیر ٥ تا ٦ میترەو گەڵاکانی سەوز و خولەمێشینو زیاتر لە ٦٠٠ جۆر هەنجیر هەیە.
توێکڵی داپۆشەری ئەم میوەیە زۆر ناسکە، هەر بە هۆی ئەمەشە کە پاراستنی بۆ ماوەیەکی زۆر ناکرێ.
لە وڵاتە گەرمەکان هەنجیر زیاتر بە ویشکی بە کار دەهێنرێ. هەر چەندە خواردنی هەنجیری تازە بە تایبەتی بۆ مرەبا زور باوە.
جیا لەوانە داری هەنجیر دەتوانێ تا ٢٠ ساڵ بەر بگرێ.
هەروەک باسمان کرد هەنجیر میوەیەکی بەهێزە و کێشی لەش زیاد دەکا، بەڵام هەنجیر پێک هاتووە لە ریشاڵ. خواردنی زۆری هەنجیرو



ریشاڵەکانی برسیێتی وەدوا دەخەن‌و زۆر جار وادەکا مرۆڤ هەست بە برسیێتی نەکا.

هەنجیر میوەیەکی بەسوودە بۆ ئەوانەی تووشی کەم خوێنی بوون، یارمەتیی زوو هەرس کردنی خوراک دەداو بۆ چاکبوونەوەی کۆخەو باشتر هەناسەدان زۆر باشە، هەروەها بۆ ئەو کەسانە زۆر باشە کە بەشێوەیەکی نا ئاسایی گەشە دەکەن.

هەنجیر بۆ کەمکردنەوەی تینوێتی زۆر بە سوودەو بۆ ئەو کەسانەش باشە کە ڕێژەی کۆلێسترۆڵیان بەرزەو ڕێگری دەکا لەگەشەی خانە شێرپەنجەییەکان.

ئامادەکردنی: هانا وریا



# پارک

من پارکێکی دڵگیرم
جێگای منداڵ و پیرم
من جوانیی شارەکانم
مەشکێنن دارەکانم
سێبەردەکەم بۆ سەرتان
جوان دەکەم دەوروبەرتان
کاتێ بەجێم دەهێڵن
زوباڵە جێ مەهێڵن
منیش بێزم هەڵدەستێ
پشووی گوڵم دەوەستێ
ناحەز دەبێ دیمەنم
وشک دەبێ چیمەنم

ئەمین گەردیکلانی

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

کاوە ئاهەنگەری

cooking






# کێ پاپۆڕی داهێنا؟



یەکەم کەرەستە بۆ پەڕینەوەی مرۆڤەکان لە دەریاکان پێکەوە لکاندنی هێندێک دار بوو کە نێوەکەیان بەتاڵ دەکردو وەکوو بەلەم کەڵکیان لێوەردەگرت.

دوای ماوەک بەلەمێک دروست کرا کە هەم بە هێزی با کاری دەکرد هەم بەدوو دار ڕایان دەدا. ئەو بەلەمانەی بە هێزی با دەڕۆیشتن ئەستۆندەکیان هەبوو. بە تێپەڕبوونی زەمان دروست کردنی پاپۆڕەکان پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیو لە سەدەی ١٧دا ئالبێرت فولتێن، کابرایەکی ئامریکایی کە زۆری حەز لە پاپۆڕەوانی بوو، بیری لە دروست کردنی پاپۆڕێکی تگەردار کردەوە، بۆئەوەی لێخوڕینی پاپۆر ئاسانتر بێ.

فولتێن ساڵی ١٧٧٨ زایینی لە بریتانیا گوێبیستی شتێک بە ناوی هێزی هەڵم بوو، هەر بۆیە بەرەو بریتانیا کەوتە ڕێو لەوێ لەگەڵ پاپۆرسازە بریتانیاییەکان کاری کرد تا ئەوەی ساڵی ١٨٠٦ی زایینی بۆ یەکەم جار پاپۆرێکی هەڵمی دروست کرد.

هێزی ڕۆیشتنی ئەو پاپۆرە هێندە زۆر بوو کە ٣٠٠ مایلی لە ٦٠ کاتژمێردا دەبڕی.

ئا: مینا

# یارمەتی هاوڕێکەتان بدەن بۆ دۆزینەوەی گەنجینەکە



# پرسیاری حەللەق و وەڵامی مەللەق

+ بۆچی مار قەت سەفەر ناکا؟
- جا ئەوە چیە، لەبەر ئەوەی مار دەستی نیە کە ماڵاوایی بکا.

+ دوایین ددان کە لە ناو دەمت دا دەبینرێ، چ ددانێکە؟
- جا ئەوە چیە، ددانی مەسنووعی.

+ چۆن دەتوانرێ ٤ نەفەر لە ژێر یەک چەتردا ڕابوەستن و هیچ کامیان تەڕ نەبن؟
- جا ئەوە چیە، ئەگەر باران نەبارێ و هەوا خۆش بێ.

+ ئەگەر پەرگار سەری لە گێژەوە بێ، چی دەکێشێتەوە؟
- جا ئەوە چیە، هێلکە دەکێشێتەوە.

+ئەگەر کەسێک دڵی ڕاوەستێ، چی دەکەی؟
- جا ئەوە چیە، کورسییەکی بۆ دادەنێم با دابنیشێ.

+ بۆچی لەق لەق کە دەخەوێ، یەک لاقی بەرز دەکاتەوە؟
- جا ئەوە چیە، چونکە ئەگەر هەر دوو لاقی بەرز بکاتەوە، دەکەوێتە خوارێ.



+ بۆچی دووکەڵ، لە دووکەڵکێشەوە دێتە دەری؟
- جا ئەوە چیە، چونکە ئەگەر وانەکا چ بکا؟

+ بۆچی ٢ جار ٢ دەکاتە ٥ ؟
- جا ئەوە چیە، لەبەر ئەوەی زانست پێش کەوتوە.

+ بۆچی لە نێوەڕاستی حەب دا، هێڵێک کێشراوە؟
- جا ئەوە چیە، بۆ ئەوەی کە، ئەگەر حەبەکە بە ئاو نەچووە خوارەوە، ئەوە بە پێچ گوشتی بەڕێی کەیە خوارەوە.

+ بۆچی فیل ناتوانی بە کونی دەرزیدا بچێتە ناوەوە؟
- جا ئەوە چیە، لەبەر ئەوەی کۆتایی کلکی فیل، گرێیەکی تێدایە.

ئا: هانا وریا

# یەکەم ڕۆژەکانی خوێندنەو، دوارۆژمان لەبەرچاو بێ

دارو دیواری ژوورەکەی سێ چوار سپاسنامەی پێوە هەڵواسرابوو. هەموو ساڵێ کە چنوور لە تاقیکاری یەکەمی دەهێناوە، یەک لەو نامە ڕێزلێنانەیان دەدایەو ئەویش لە ژوور سەرییەوە هەڵیدەواسین.

چنوور ئەوەندەی تا ئێستا لە قوتابخانە خەڵات کرابوو دوو ئەوەندەش لە ماڵێ دایکو باوکی خەڵاتیان کردبوو. هەرچی دڵی پێ خۆش بوو بۆیان کڕیبوو. خزمو کەسو دەرو جیران، هەموو تاریفیان دەکرد و خۆشیان دەویست. بەڵام ئەوجارەیان هەرچەندی کردی، ڕووی نەبوو کارنامەکەی پێشانی ماڵێ بدا. باوکی زوو تێگەیشت. ئەوجار هەموو لیچیان لێ هەڵدەقرچاند. کەس پیرۆزبایی لێ نەدەکرد. کەس ماچی نەدەکرد. کاتێ مامۆستا لە قوتابخانە «ژیلا»ی بانگ کرد و خەڵات و سپاسنامەکەی پێدا، ئەو فرمێسکەکانی بە چاویدا هاتنە خوارێ و بە دەم گریانەوە هاتەوە ماڵێ…

ئەو شەوە نانی پێ نەخورا. گوتی: بۆ ئەوساڵ دەرنەچووم؟ ئەو پرسیارە سەدان وەڵامی بەدوودا هات. وەبیری هاتەوە کە ساڵانی پێشوو لە کاتی وانە گوتنەوەی مامۆستادا بە وردی سەرنجی دەدا بە قسەکانی مامۆستا.

لە ماڵێش بەر لە هەموو شتێک دەرسەکانی دەخوێند، دوایی دەچوو کایەی دەکرد، بەڵام ئەو ساڵ لەسەر کلاس بەجێی ئەوەی سەرنج بداتە قسەکانی مامۆستا بزۆزیی دەکرد و لە ماڵیش بەجێی دەورکردنەوە و نووسینەوەی دەرسەکانی دەستی دەکرد بە هەڵات هەڵاتێن و کایەکردن دەگەڵ براچوکەکەی. هەر بۆیەش ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە لە قوتابخانە گەڕاوە دایکی ماچی نەکرد. باوکیشی لە باوەشی نەگرت و شێعری بۆ نەخوێندەوە، لەسەر سفرەش کەس ئاوڕی لێ نەدەداوە. هاوپۆلی‌یەکانیشی وەک جاران ڕێزیان نەدەگرت. .

دوێنێ «پەریسا» قەڵسەی لێ گێڕابوو. هەر ئەو پەریسایەی کە جاران خوداخودای بوو چنوور شتێکی فێر بکا. چنوور دڵی پڕ بوو، چووبوە لای «هەڵاڵە» ئەویش گوتبووی لاچۆ، باوکم گوتویەتی دەگەڵی مەگەڕێن. خۆ ئەو وەک جاران دەرس خوێن و شارەزا نیە. لە قوتابخانە کەس وەخۆی نەدەگرت.



لە ماڵیش تەنیا کەوتبۆوە. نە باوکی دەباوەشی دەگرت و نە دایکی ماچی دەکرد. چنوور زۆر پەژیوان ببۆوە بۆ ئەوکات و ساتانەی بە فیرۆی دابوون. بە خۆی دەگوت: بەو مەرجەی دیسان ئەو هەلەم بۆ هەڵکەویتەوە جۆرێک دەخوێنم کەس نەمگاتێ. گریان ئەوکی گرتبوو. هەموو گیانی ڕەسەر ئارەقە کەوتبوو. بەرەبەری بەیانی بوو. تەقەی دەرگا هات. دایکی بانگی کرد:

چنوور! رۆڵە چنوور! هەستە درەنگە دەبێ بچیتە قوتابخانە. . .

چنوور جووڵەیەکی کرد و چاوی هەڵێناو بەسەرسووڕمانەوە سەیری دایکی کرد. دایکی گوتی: چ بووە؟ بۆ وا شڵەژاوی؟

گوتی: دایە خەونم دیوە. پاشان بە گریانەوە خەونەکەی بۆ دایکی گێڕاوە. چنوور کە زانی خەونی دیوە زۆر خۆشحاڵ بوو، دواجار بڕیاری دا هەر لە ئێستاوە کە سەرەتای ساڵە باش بخوێنێ و ئەوساڵیش وەک ساڵان نەفەری یەکەمی قوتابخانە بێ.

ڕەسووڵ سوڵتانی

# جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو وێنەیە بدۆزنەوە



## قسەی خۆش بۆ پێکەنین:



### مۆزی دووهەم

دایک: ڕۆڵە گیان یەخچاڵەکە نیوسەعات پێش دوو مۆزی تێدا بوو. ئێستا تەنیا دانەیەکی تێدایە، ئەوە بۆ؟

منداڵ: وەڵڵا زۆر سەیرە، ئەدی چۆنە من ئەوەیانم نەدیوە؟...



### پرسیار و وڵام

مامۆستا: هەر کەس بزانێ ملی ملدرێژ چەند سانتی میترە، پرسیاری دووهەمی لێ ناکەم.

قوتابی: مامۆستا من دەزانم، ٢ میتر و ٤٧ سانتی میترە.

مامۆستا: چۆنت زانی؟

قوتابی: مامۆستا قەرار نەبوو پرسیاری دووهەمم لێ نەکەی!



### قسەی قۆڕ

دادوەر: تۆ حەیا ناکەی بە نیوەشەوێ چوویتە دزی لەو ماڵە؟

تاوانبار: قسەی قۆڕ، ئێ قوربان خۆ بە ڕۆژی ڕوون ناچم!

# سمۆرە

سمۆرەم لە دارستان      هاوڕازم لەگەڵ دۆستان
خواردنم بەرهەمی دارە      خۆشترین وەرزم بەهارە
کەسێکم دارەوانم      بەرداشی بەرۆەکانم
ددانم تیژەو باریک      شەوان لە کونێکی تاریک
لەسەر پۆپو لقی‌دار      دەترسێم لە ڕێوی‌و مار
لە بەهار هەتا زستان      کاسبی دەکەم بە دەستان
دێمو دەڕۆم لەسەر دار      لە دێ بم یاکو لە شار
دۆستی گیان لەبەرانم      ئەوەی تێ بگا لە ژیانم
ئەوەی کە ڕۆح لەبەرە      لە بۆ من تاجی سەرە
دیارە دوژمنم زۆرە      دەمخەنە داو بە نۆرە
وەرن با لە دارستان      ببەستین کۆڕی دۆستان
ئێوەش گشت تاجی سەرن      وەکوو من گیان لەبەرن
دارستا بەمە جوانە      دانیشین ڕەفیقانە
من سمۆرەم برای ئێوە      خزمەتکارم بە پێوە

ئاوێزان بامرادی

# فێرگەی نەققاشی



# هیوای مەلەوان

ڕۆژێک لە ڕۆژان شارێک هەبوو زۆر خۆش بوو. کوڕێک هەبوو لەوە شارە ناوی هیوا بوو. هیوا دایک و باوکی زۆر خۆش دەویست. هەوڵی دەدا دڵی دایکو باوکی ڕابگرێ‌و قەت تووشی دڵەڕاوکێیان نەکا

ئەو شارە خۆشە چۆمێکی لێ بوو. کە هاوین دادەهات منداڵ هەموو لەوێ دەبوون، مەلەیان دەکردو لە قەراغ ئاو خۆیان فێنک دەکردەوە. منداڵە چووکەکان لە قەراغ ئاوەکەو لە تەنکاییدا مەلەیان دەکرد، ئەوانەش کە گەورەتر بوون‌و مەلەیان دەزانی، دەچوونە قووڵایی ئاوەکە. ئیدی ئەوە زۆر لە دایکو باوکانی نیگەران دەکرد کە بەردەوام بە پێوشوێنی منداڵەکانیانەوە بن.

هیوا تازە فێری مەلە ببوو، هەر بۆیە دایکی هەموو کاتێ لە بەری دەپاڕاوە کە نابێ خۆی لە قووڵایی ئاوەکە بدا. پێی دەگوت ئێمە دڵەڕاوکێی ئەوەمان هەیە ئاگات لە خۆت نەمێنێ، بەڵام هیوا ئەوانی دڵنیا دەکردەوە کە ئاگای لە خۆیەتی‌و خۆی ناخاتە قووڵایی ئاوەکە، ئەگەرچی بۆتە مەلەوانێکی شارەزاش.

یەکێک لەو ڕۆژانە کە هیواو هاورێکانی لە دوای مەلەیەکی زۆر لە ئاوەکە هاتبوونە دەرێ‌و لە قەراغ چۆمەکە دانیشتبوون، لە پڕ گوێیان لە قیژەیەک بوو دیتیان ئەوە منداڵیکی چکۆلە کە مەلە نازانێ، بە شەپۆلی ئاوەکە بەرەو قووڵایی چۆمەکە دەڕوا. هیوا کە ئەوەی دی خۆی لە چۆمەکە هاویشت‌و توانی بە زەحمەت‌و ماندووبوونێکی زۆر منداڵەکە لە خنکان ڕزگار بکا، بەڵام بەهۆی ماندوویەتی لە قەراغ دەریا لە هۆش چوو.

خەڵکەکە هیواو ئەو کوڕەیان گەیاندە نەخۆشخانە. کاتێک هیوا وهۆش خۆی هاتەوە دایک و بابی‌و، دایک و




بابی منداڵەکە لەلای راوەستابوون. دایکی منداڵەکە زۆری سپاسی هیوا کرد که توانیبووی منداڵەکەیان لە مردن رزگار بکا.
هیوا پێی گوتن دەبێ زیاتر ئاگایان لە منداڵەکەیان بێ، چونکی هێشتا فێری مەلە نەبوە...
بابی هیواش دەستی بە سەر سەری کوڕەکەی داهێنا و گوتی هیوا گیان، ئەمنو دایکت شانازیت پێوە دەکەین کە ئاوا ئازایانە ئەو کوڕەت لە مردن ڕزگار کردوە.
ئیدی لەو ڕۆژەوە خەڵکی ئەو شارە هیوایان ناسی، هیواش بەڵێنی دابوو تا بچێتە مەلە ئاگای لە منداڵانی چکۆلە بێ و فێری مەلەیان بکا....

نەسرین یوسفزادە

دنیای منداڵان
Child's World



ڕۆژی نابینایان